www.kurdistannet.org
2006-10-21 8:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەبی کامەران جەباری ئامانجی چیی بی؟! ... عەبدوللای شێخ مەلیلک

کە پێیان ووتم بابەتێکی وەها لەسەر (شێخ عبدللە عبدالکریم و شێخ علی عزیز) نووسراوە لە لایەن کامەران جەباری ناوێکەوە کە گوایە چەند کەسێکی خۆمانی بە ئەنفال کردن داوە، یەکسەر ووتم ئەو برادەرە نەشارەزایە و کەسێك ئەگەر بتوانێت پێی رابگەیەنێت کە بە هەڵە لە مەسەلەی ئەنفال کردنی ئەو خزمانەی ئێمە حالّی بووە و بە هەڵە تێیان گەیانووە، ئەگەر کامەران جەباری ئاگاداری پرۆسەی ئەنفال کردنی ئەو کەسانە بوویایە ئەوا وەك من ئەی ووت:- (ئەگەر شێخ عبداللە عبدالکریم نەبووایە ئەوا ماڵ و منالّ و خێزانەکەنیشیان وەك خۆیان ئەنفال ئەکران) و، لە لایەکی تریشەوە خۆ (شێخ عبداللە) نە پیاوی حکومەت بوو و نە رۆژێك لە رۆژانیش بە خێر دانی نە ناوە بە حکومەتی عێراقی، خۆ شێخ عبداللە کەسێکی کەم نییە و یەکێکە لە کوردە پاك و دووربینەکان و هەمیشە زۆر بڕوای بە بزوتنەوەی کوردایەتی بووە و هەموو خزمانی قەرەحەسەن ئەزانن کە چەندین جار لەسەر کوردایەتی بەند کراوە و هەر زۆر منالّ بوو تەمەنی کە لەگەلّ کوردایەتی و حیزبە کوردێکان کوردایەتی ئەکرد و هەر لەسەر ئەم کوردایەتییەی کاتی خۆی نەفی کرا و دواتر لە وەزیفەکەی دەرکرا، ...

من نازانم ئەم لێکدانەوەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و، بۆ ئەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی شێخ عبداللە لە جیاتی چاکە بۆ ئەوەی منالّەکانیانی لە ئەنفال کردن ڕزگار کرد ئێستا بلّێن ئەوانەی ئەنفال کردووە؟!!!

شێخ عبداللە هەر لە هەرەتی لاوییەوە ئەوەنە ووشیار و مودریك و دووربین بوو هەردەم خزمان پرس و ڕایان پی ئەکرد، بۆ ئەم کارەش وەك هەموو کارەکانی تر پرسی پێکرا و، زۆر لە ماڵ و منالەکان و کەسانی تری رزگار کرد، بەلاّم چەند کەسێك لە برا و ئامۆزاکانی دەستگیر کران کە هەموو ئەوانەی ئاگادارن ئەزانن شێخ عبداللە ئەوپەری هەولی دا بۆ ڕزگار کردنیان، بەلاّم بە داخەوە بی ئاکام بوو، ...

بە نسبەت شێخ علی عزیز نەك ئاگاداری ئەنفال بوونی ئەو کەسانە نییە بەلّکو لەوکاتە خۆی هێشتا لە دەرەوە بوو و تەسلیم نە ببوەوە و تاکو عافوات نەهاتەوە،

بە نسبەت ئەو ناوانەی کە خراونەتە ئەستۆی شێخ عبداللە دوو کەس لەو کەسانە بەر پرۆسەی ئەنفال نەکەوتن و ئێستاش لە ژیاندا ماون و 4 کەسی تریان شێخ عبداللە هەر ئاگای لێیان نەبوو، و یوسف شێخ محمود یش لە لایەن جەیشەکەوە دەستگیر کرابوو و کەس ئاگای لی نەبوو...

من تەواوی بابەتەکە بە نیازێکی خراپ ئەزانم و هیچ خالّێکی تەواوی تیا نابینم و، نازانم نووسینی ئەم بابەتە لە لایەن ئەم کابرایەوە چ ئامانجێکی لە پشتەوەیە؟!